# «ئازارەکانی ڤارتەر»ی گۆتە دەکرێتە کوردی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

«ئازارەکانی ڤارتەری لاو» یەکێک لە بەرهەمەکانی یۆهان ڤۆلفگانگ ڤۆن (گۆتە)، فەیلەسووفی ئەڵمانییە کە بۆ چەندین زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە و وا بۆ زمانی کوردیش وەرگێڕدرا.

دکتۆر هیمداد حوسێن، وەرگێڕی کتێبەکە لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکەوە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: «ئەم بەرهەمە یەکێکە لە شاکارە بەرزەکانی گۆتە و بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراوە».

گۆتە لە ئەدەبیاتی ئەڵمانیدا ڕابەری ڕێبازی ڕۆمانسیزمە. هەرچەندە ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوام نەبووە و گەڕاوەتەوە ناو ڕێبازی کلاسیک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەییەکی زۆری لەسەر نووسەرە ڕۆمانسییە لاوەکانی سەردەمی خۆی و دوای خۆی جێهێشتووە. دکتۆر هیمداد دەڵێت «زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین (ئازارەکانی ڤارتەر) مانیفێستی ڕۆمانسیزمە لە ئەڵمانیا، ئەمەش لەبەرئەوەی گۆتە بە قووڵی فەلسەفە و تێڕوانینی ڕۆمانسیەت بۆ جیهان و سروشت لەم بەرهەمەدا دەخاتەڕوو».

ئازارەکانی ڤارتەر دووەمین بەرهەمی گۆتەیە، گۆتە بۆ یەکەمجار ئەم کتێبەی لەساڵی 1774 دا نووسی و چوار ساڵ دواتر پێیدا چووەوە. بەشی یەکەمی ڕۆمانی ئازارەکانی ڤارتەر بەو هۆیەی کە بە دەستپێکی ڕۆمانە مۆدێرنەکانی ئەدەبیاتی ئەڵمانی دادەنرێ، لەسەر شێوەی نامەگۆڕینەوەیە و بەشی دووەمیشی تێکەڵەیەکە لە نامەکان و پەیامی کۆکەرەوەی ئەم نامانە.




# فیلمێکی کوردی لە هۆڵیوود خەڵات وەردەگرێت




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

فیلمی سینەمایی (تورن) کە لە بەرهەمهێنان و دەرهێنانی نەوزاد شێخانی، دەرهێنەری کوردی ئێزدییە، خەڵاتی باشترین فیلمی لە فێستیڤاڵی فیلمی هۆڵیوود پێبەخشرا.

نەوزاد شێخانی کە لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، فیلمەکەی خەڵاتی باشترین فیلمی لە بەشی فیلمە بیانییە درێژەکان لە فێستیڤاڵی فیلمی هۆڵیوود وەرگرتووە. گوتیشی، جگە لەم خەڵاتە، فیلمەکەی خەڵاتی باشترین سینەماتۆگرافی وەرگرتووە و بڕیارە لە 26ی یەنایەری ساڵی داهاتوو لە ڕێوڕەسمێکدا خەڵاتەکە وەربگرێت.

فیلمەکە بۆ چەندین فێستیڤاڵی سینەمایی نێردراوە و ماوەی چوار ساڵ کاری بۆ کراوە.

فیلمەکە باس لەو کەمینانە دەکات کە دووچاری کوشتن و لەناوبردن بوونەتەوە، لەوانەش کوردی ئێزدی. بە چوار زمان بەرهەمهاتووە و دۆبلاژی عەرەبی کراوە و ژێرنووسی ئینگلیزیش کراوە.

# پێشمەرگەیەک لە ڕۆمانی "کوێرەی چاوساغ"دا

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، سابیر ڕەشید، نوێترین ڕۆمانی خۆی بەناوی "کوێرەی چاوساغ" بڵاوکردەوە کە لە ئێران چاپکراوە.

سابیر ڕەشید بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە باسی پێشمەرگەیەک دەکات کە لەشەڕدا چاوەکانی لەدەستداون. هەروەها هاوژین و کچەکەی لەلایەن بەعسەوە زیندانی دەکرێن و دەبنە قوربانیی هەڕەشەی جەستەیی، دواتر هاوژینەکەی دەمرێ و کچەکەشی خۆی دەکوژێ".

هەروەها گوتی "هەر لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا، هەردوو کوڕەکەی پێشمەرگەکە دەبنە قوربانی شەڕی براکوژی، یەکێکیان بەهۆی قینی حیزبایەتیی براکەیەوە چارەنووسی نادیار دەبێت و ئەوەی دیکەیان، کوردستان جێدێڵێت و لە ڕێگەی کۆچ دەمرێ".

ئەم ڕۆمانە بە تەکنیکێکی نوێ نووسراوە و بەشێوەی بازنەیی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، ئەمانە و چەندین ڕووداوی تراژیدیی دیکە کە تەنیا بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە خوێنەر دەتوانێ لە واقیعی تاڵی ژیانی کوردەواری تێبگات.

سابیر ڕەشید، لە 1957 لە شارۆچکەی شەقڵاوە لەدایک بووە، ساڵی 1981 کۆلێژی یاسا و ڕامیاریی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە. لەساڵی 1981ەوە دەستی بە نووسین کردووە. تاوەکو ئێستا 15 کتێبی لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە و ڕەخنە بە چاپ گەیاندووە، چەندین کتێبی ئامادەیە بۆ چاپ لە ژانرەکانی ڕۆمان، چیرۆک و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.






# تۆکمەترین فەرهەنگی کوردی - فارسی بڵاودەکرێتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

تۆکمەترین فەرهەنگی مێژووی ئەدەبی کوردی بە ناوی (فەرهەنگی زانستگەی کوردستان) بە هەوڵی خانەی توێژینەوەی کوردستانناسیی زانکۆی سنە، ڕۆژی 9 ی ئایار پەردەی لەسەر لادرا.

فەرهەنگەکە بە تۆکمەترین فەرهەنگی کوردی- کوردی- فارسی، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دادەنرێ کە لە چوار بەرگ و 93 هەزار دەروازە پێکهاتووە و کاری ئامادەکردنەکەی بە سەرپەرشتی ماجد رووحانی 10 ساڵی پێچووە.

دکتۆر بەختیار سەجادی بەڕێوەبەری خوێندنی باڵای کوردیی زانکۆی سنە، لە ڕێوڕەسمەکەدا ڕایگەیاند: یەکەم فەرهەنگی کوردی 330 ساڵ پێش ئێستا بە ناوی فەرهەنگی نەوبەهار و لەلایەن ئەحمەدی خانییەوە نووسراوە کە لەگەڵ دووەم فەرهەنگی کوردی لە نووسینی شێخ مارفی نۆدێ 140 ساڵیان بەینە.

بەگوتەی بەختیار سەجادی، لە سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ زیاتر لە 100 فەرهەنگی کوردی نووسراون کە زیاتریان فەرهەنگی ناو و فەرهەنگی چەمکەکان بوونە و تەنیا 20 فەرهەنگی کوردی لەو جۆرە نین، ئەویش گرینگترینیان هەنبانە بۆرینەی هەژار موکریانیە.

سەجادی کە بەرپرسی چاودێر بووە لە پرۆژەی فەرهەنگی زانستگەی کوردستاندا، ڕایگەیاند کە ئەو فەرهەنگە بێوێنەترین فەرهەنگی نووسراوە لە بواری مێژووی ئەدەبی کوردیدا.

خانەی توێژینەوەی کوردستانناسیی زانکۆی سنە کە ساڵی 2000 دامەزراوە، تا ئێستا 35 ناونیشانی کتێبی لە بوارەکانی کولتوور و ئەدەب و مێژووی کوردیدا چاپ و بڵاوکردووەتەوە.

# بە کورتی لەبارەی شیعرەوە

ڤینۆس فایەق



**شیعر:**
یەکێک لە کایە ئەدەبییەکانی کە بە باوەڕی من نە بەرگەی پێناسەکردن، نە هەڵوەشاندن و لێکدانەوە ناگرێت، شیعرە. چونکە شیعر "ژیان"ە، ئەو ژیانەی لە تەنیایی و دابڕان و گۆشەگیریدا سەرهەڵدەدات. ئەو ژیانەی بەبێ دەنگی تێیدا دەژین.. ئەو ژیانەی تەماسێکی توندی بە باری دەروونی و هەڵچوون و داچوونەکانمەوە هەیە، لەدایکبووی چرکەساتەکانی تێڕامان و قووڵبوونەوە و دوورکەوتنەوە و ترازانمانە لەو ژیانە واقیعیەی تیایدا دەژین. شیعر بۆ خۆی ئەو جیهانە پڕخەیاڵەیە کە ئاسوودە و ئارامیمان پێدەبەخشێت. ئەو موسافیرەیە کە لە هیچ خاڵێکی سنووری راناگیرێت و قابیلی ئەوە نییە هیچ ناسنامەیەکی جوگرافی و جێندەریی بدرێتێ، چونکە خۆی ناسنامەیە.

شیعر هاتوهاوار نییە، لە بێدەنگیدا لەدایک دەبێت.. شیعر کە ئامادەبوو بێدەنگی دەشکێنێت و ڕێگە بە دەنگ دەگرێت. پەلاماردانی زمانە و پێکەوە لکاندنی میکانۆکانی خەیاڵ و هزر و فەلسەفە و دنیابینیمانە. باوەشگرتنەوەیە بۆ خوێنەری راستەقینەی شیعر. پەناگەی نائارامەکان و کەناری کەشتیە سەفەرکردووەکانی خەیاڵە.

**کێ شاعیرە:**
ئەوەی بە زمان و وشەسازی وێنە شیعرییەکان دروستدەکات، وەکوو ئەو کرێکارە وایە کە لە خشتی بێ گیان و بەردی بێ هەست و کەرەسەکانی تری وەکوو گەچ و چیمەنتۆ دیوارەکانی خانوویەکت بۆ هەڵدەچنێت. شاعیر ئەوەیە کە خەیاڵ و وێنە شیعرییەکان دەکاتە وشە، نەک لە وشە وێنەی شیعری دروست بکات. شاعیر زمان هەڵنابژێرێت، بەڵکو وێنەی شیعری و هەڵچوونەکان تەنگی پێهەڵدەچنێت، ئیتر لە لەحزەیەکی شیعریدا کە دەکەوێتە دەرەوەی زەمەن، شوێن و هەلومەرج و کاریگەرییەکانی دەوروپشتی دەقێک لە ژێر پەنجەکانیەوە دادەکەونە سەر لاپەڕەی سپی. شاعیری راستەقینە شیعر بۆ خوێنەری جیددی دەنووسێت. شاعیری راستەقینە دەبێت بزانێت لەناو سەدان ئامادەبوودا لە کۆڕەکانیدا ئەوانەی دەتوانن چێژ لە شیعرەکانی ببینن، ئەوانەی ئامادەن بچنە جیهانەکەیەوە زۆر کەمن، رەنگە لە ژمارەی پەنجەکانی دەستێکی تێنەپەڕێت.

**زمانی شیعری:**
شیعر خۆی زمانێکی سەربەخۆیە، زۆر هەڵەیە بڵێین دەقێکی شیعری لە زمانێکەوە بۆ سەر زمانێکی تر وەردەگێڕین. راستیەکەی وەرگێڕانە راستەقینەکە ئەوە نییە کە زمانزانێک دەیکات، وەرگێڕانە راستەقینەکە ئەوەیە کە هەست و هەڵچوون و حاڵەتە شیعرییەکە جارێکی تر دابڕێژێتەوە، ئیتر زمانەکەی دیکە تەنها وەسیلەیەکە بۆ گەیاندنی حاڵەتێکی شیعری بۆ خوێنەرێکی تر کە زمانی شاعیرەکە نازانێت. بۆیە ئێمە زمانزانمان هەن، بەڵام وەرگێڕی حاڵەتی شیعریمان هێند دەگمەنن کە خەریکە بڵێم نین.

**خوێنەر:**
ئەو شاعیرەی کە بەردەوام سەرقاڵی ئەوەیە چەند کەس دەقەکانی دەخوێننەوە، چەند کەس لە کۆڕەکانیدا ئامادە دەبن، چەند کەس دەستخۆشی لێدەکەن، چەند کەس لەسەر فەیسبووک لایکی دەقەکانیان کردووە، چەند کەس کۆمێنتی دەستخۆشییان بۆ نووسیوە، شاعیرێکی لەمجۆرە سەرقاڵی شیعر و حاڵەتە شیعریەکە نییە. ئەمە پێی دەگوترێت شیعرنووس، نەک شاعیر، ئەوە لە وشە وێنەی شیعریت دەداتێ، نەک وێنەی شیعریت بۆ بکاتە وشە. ئەو خوێنەرەی دوای کتێبی شاعیرێک دەکەوێت و وا دەزانێ تەنها لەبەر ئەوەی نرخەکەی گرانە کەواتە شاعیرێکی باشە، ئەوە کتێبی شیعر ناکڕێت ئەوە گوڵدانێکی رازاوە دەکڕێت کتێبخانەکەی پێ برازێنێتەوە. لەبەرئەوەی خوێنەری شیعر کەمن، بەوپێیەی شاعیر بۆ هەموو کەس نانووسێت، دەتوانم بڵێم خوێنەری شیعر ئەو کەسەیە کە دەتوانێت لە کودەتاکانی شاعیر بەسەر لاپەڕەکاندا تێبگات. ئەوانەی باوەڕی تەواویان بە جۆرە شێتیەکی هێمنی شاعیر هەیە.

**بڵاوکردنەوە:**
بڵاوکردنەوەی شیعر چ وەکوو دەق لە بڵاوکراوەکاندا، چ پارچە پارچە لە پێگە کۆمەڵایەتیەکاندا، جۆرێکە لە پەنجە نەرمکردن یان ترەینینێکە لەسەر نووسین، چونکە نووسینی شیعر پیشە نییە، ئەوەی بڵاوی دەکەینەوە، هەوڵێکە بۆ گەیاندنی خەیاڵەکانمان بۆ "ئەوانیتر"، ئەوەشی لە بڵاوکراوەکان و پێگەکاندا دەبینرێن حاڵەتە شیعریەکەیە کە دەقەکەی تێدا لەدایک دەبێت.

شاعیر بڵاودەکاتەوە بۆ ئەوانەی لێی تێدەگەن، ئەوانەی دەتوانن بچنە ناو کەشوهەوای دەقە شیعریەکەوە، ئەوانەی لەگەڵ وێنە شیعریەکاندا هەڵدەچن یان دەکەونە ژێر کاریگەریی وێنە شیعریەکەوە. دواجار بڵاوکردنەوەی شیعر نابێت لەوە دەرچێت کە شاعیر هەستەکانی لەگەڵ ئەوانیتردا بەش بکات، نابێت بگاتە سنووری خۆدەرخستن و کڕینی شوهرەت بە وشەکان، چونکە ئەسڵەن شیعر جلوبەرگ نییە خۆمانی پێوە پیشانی ئەوانیتر بدەین، شیعر جۆرێکە لە خۆڕووتکردنەوە هەتا دەگەیتە رۆح.

**چاپکردن:**
کاتێک چاپکردنی شیعر کەوتە ژێر کاریگەریی هەبوون و نەبوونی چاپخانەیەکەوە کە لەسەر بنەمایەکی بازرگانی و پارەپەیداکردن دروستبووە، ئەو کاتەی چاپکردنی کتێب بە پارە پێورا، بە چەند فرۆشی و چەند دەستکەوتن لە فرۆش پێورا، ئەوە چاپنەکردنی ئەو کۆمەڵە شیعرە لە چاپکردنی بۆ شاعیر سەربەرزانەترە. ئەو کاتەی چەند و چوون لەسەر فرۆشتن و کڕینی کۆمەڵە شیعرێک کرا، ئەوا لەوە دەردەچێت کە شیعر بێت، بۆی هەیە لەسەر عەرەبانەیەک لەگەڵ دەسکێ کەرەوز و کیلۆیەک پەتاتەدا نرخی لەسەر دانرێ.

ئەگەر شاعیر بیری لە فرۆشی کۆمەڵە شیعرەکەی کردەوە، ئەوە بازرگانی شیعرە، لە کۆتاییدا بازرگانی بە هەست و هەڵچوونەکانی خۆیەوە (ئەگەر ئەسڵەن هەیبێت) دەکات و حاڵەتە شیعریەکەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لەبەرانبەریشدا کە خوێنەر لە وڵاتێکدا پڕفرۆشی شیعری شاعیرێکی بە گرانیی کتێبەکەی پێوا، ئەوە لەو وڵاتەدا دەبێت بە زەڕەبین بۆ خوێنەری جددیی شیعر بگەڕێیت.



# ویلا کاسەر؛

# ژنێک لە ڕەنگی لم و بە بەرگی پەنابەرەوە

نووری بێخاڵی



ژنە ڕۆماننووسی ئەمریکی، ویلا سیبرێت کاسەر (1873 – 1947) کە لە پای ڕۆمانی (یەکێک لە ئێمە– 1923) خەڵاتی پۆلیتزەری بردەوە و وەک نووسەرێکی پێشەنگی ئەمریکا ناسرا، بە ڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر وێلزییەکان و ساڵی (1873) لە ویلایەتی ڤێرجینیا لەدایک بووە. تەمەنی یەک ساڵ بووە کە خێزانەکەیان ماڵیان گواستووەتەوە ویلۆ شیلد، کاتێکیش بووەتە نۆ ساڵ، ماڵەکەیان چووەتە ویلایەتی نیبراسکا. ئەو کە لە نێوان هەردوو ویلایەتی ڤێرجینیا و نیبراسکا، تەمەن و ژیانی خۆی گوزەراندووە، خوێندنی لە بواری زمان و ئەدەبی ئینگلیزیدا تەواو کردووە و نزیکەی 10 ساڵ لە بیستبێرگ ژیاوە و کاری مامۆستایەتی کردووە. کە تەمەنی بووەتە 33 ساڵ، چووەتە نیویۆرک و ئیتر تا کۆچی دوایی کرد لە ساڵی (1947)، لەو شارە ماوەتەوە.

کاسەر لە قۆناغی خوێندنی زانکۆ بووە کە دەستی داوەتە نووسین بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان. دەرچوونیشی لە بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی هاندەرێکی باش بووە، بۆ ئەوەی زێدەتر لە کارەکەیدا قووڵ ببێتەوە. کاتێکیش چووەتە بیتسبێرگ، وەک نووسەر لە گۆڤارێکی مانگانەی خێزانیدا دەستی بە کار کردووە. دوای ساڵێک مانەوە، بووە بە نووسەری سەرەکیی گۆڤارەکە، هەروەها لە بواری ڕەخنەی سینەماییدا، بۆ ڕۆژنامەیەکی شارەکەی نووسیوە، هاوکات بە نووسینی شیعر و چیرۆکی خەیاڵی، بەشداری چالاکییەکانی نێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کردووە.

## ڕۆژنامەگەری وەک بناغە

کاسەر وەک زۆر نووسەری دیکە، بە کاری ڕۆژنامەنووسی دەستی بە نووسین کردووە. دواجار لە دونیای ئەدەب و ڕۆماننووسیدا گیرساوەتەوە. یەکەم کۆچیرۆکی خەیاڵی بە ناونیشانی (باخچەی کورتە باڵا– 1905) بڵاو کردووەتەوە. هەر لە بواری چیرۆکدا، (پێش نانی بەیانی، یان بەر لە فراوین– 1922)، ناونیشانی کۆچیرۆکێکی دیکەیەتی، کە تیایدا ئەزموون و بیرەوەرییەکانی لە ماوەی هاوینی 1922 لە دوورگەیەکی کەنەدا دەگێڕێتەوە.

یەکەم ڕۆمانی کاسەر بە ناوی (پردی ئەلێکساندەر) لە ساڵی 1912 کەوتووەتە بەردەستی خوێنەران. ئەو ڕۆمانە ڕۆڵێکی گەورەی لە ناساندنی ئەودا بینی. دوای ئەو ڕۆمانە، سێینەی (ئەی پێشانگاکان – 1913، گۆرانیی مانگا – 1915، ئەنتۆنیا تایبەتەکەم– 1922)ی نووسی و بە هۆیانەوە ناوبانگێکی بەرینی لە نێوەندی ئەدەبی و ڕەخنەییدا پەیدا کرد. ئەو کارانەی هەریەکە بە جۆرێک ڕۆڵیان لە ناساندنی ئەودا هەبوو. بەڵام ئەو بەرهەمەی لەسەر ئاستی جیهان کاسەری وەک پێشەنگی ڕۆماننووسانی ئەمریکی ناساند، ڕۆمانی (یەکێک لە ئێمە) بوو کە ساڵی 1923 بڵاوکرایەوە و خەڵاتی پۆلیتزەری پێ وەرگرت.

ساڵی 1927 ڕۆمانی (مەرگ بەرەو سەرۆکی ئەسقۆفەکان دەکشێ)ی نووسی و ڕۆمانی (سێبەرەکان لەسەر بەردێک– 1931)یش کە ڕۆمانێکی مێژوویە و باس لە ڕووداوەکانی سەدەی حەڤدە دەکات، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، ئەم ڕۆمانە خراوەتە لیستی دیارترین و باشترین 100 کتێبی نێوان ساڵانی (1924 – 1944).

## لە نێوان ڕۆژنامەگەری و ئەدەبدا

تۆنێکی غەریب، تۆنی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، بۆ ناو کۆڵانەکانی منداڵی، بۆ ناو دالانەکانی بیرەوەری، بۆ ناو فەزای ئەفسووناویی بیابان و خانوو و کوخی پەنابەران، بەسەر ڕۆمانەکانی کاسەردا زاڵە. سۆز و گەڕانەوەیەک کە بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و نمایشی گرتە و دیمەنەکانی ناو ڕۆمانەکە، وەک ئەوەی وردە لمی بیابانەکانی ئەو ناوە بە دەم بایەکەوە لە ڕوخسارت بدەن، نووسەر ئاوا و بە زمانێکی سادە و ڕوونی بێ گرێ و بارگاوی بە خەیاڵێکی قووڵ، ئەو بیابان و دەشتە زەرد و سووورباوانەی ئەمریکا، دەڕژێنێتە چاو و مێشکی خوێنەر و وای لێدەکات، هەست بەوە بکا ئەوە خۆیەتی لەو سەرزەمینەی لم و گەردەلوولدا دەژیێت.

ئەو کە بە کاری ڕۆژنامەگەری دەستی پێکرد و لەوێوە چووە ناو دونیای ئەدەب و خەیاڵ، لەوە تێگەیشت کە یەکەمیان خەونەکانی تێر ناکات، بۆیە دووەمیانی وەک نموونەیەکی باڵای هونەر هەڵبژارد و کەرەستەکانی یەکەمی کە تەنیا هەواڵ و ڕووداو بوون، لە میانی وەبەرهێنانەوەیاندا لەناو تیکستی ئەدەبیدا، کردوونەتە هەوێنی داهێنان. تەکنیکی نووسین و گێڕانەوەی کاسەر لە ڕۆماندا، بەراورد بە ڕەوتی باوی ئەو سەردەمی تەکنیکی نووسینی ڕۆمان (کە لە ئەزموونگەری و ڕەوتی ئاگایی و هۆشیارییەوە نزیک بوو)، سادەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە میانی تایبەتمەندیی گێڕانەوە و هونەری بەکاربردنی زمان و تەوزیفکردنەوەی لە دەربڕیندا، تا ئاستێک لە نووسەرەکانی دیکە جیای دەکاتەوە، تا ئەوەی خوێنەر دەتوانێ بڵێ کە ئەو ژنە نووسەرە خاوەن ڕێچکە و میتۆدێکی ئەدەبیی تایبەت بە خۆیەتی. ئەو لە نێوان بابەتیبوون و بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی و گەڕانی ڕۆژنامەنووس بە شوێن ئاشکراکردنی ڕاستی، لەگەڵ هەوڵی هونەریانەی ڕۆماننووسە دەروونییەکان لە شێواندنی لایەنی بابەتی و ڕاستیی شتەکان، ڕێگایەک دەدۆزێتەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان دەکاتە تەوەری سەرەکیی کار و بەرهەمەکانی، ئەمەش پەیوەندی بەو تێڕوانینەی ئەو هەیە بۆ ئەدەب، وەک نموونەیەکی باڵا و زیندووی هونەر. واتە ئەو بەر لە نووسینی ڕۆمان، بیرۆکەکانی لە چوارچێوەیەکی هونەریدا لە خەیاڵدان و ئەندێشەی خۆیدا گەڵاڵە دەکات، دواجار بە هەمان هەناسەی هونەریانە و بە سوودوەرگرتن لە زمانی سادەی ڕۆژنامەنووسی و کارکردن لەناو دونیای ئاڵۆزی دەروونناسی، دەست بە چنینەوەی ڕووداوەکان و کێشانی گرتە و دیمەنەکان و کاراکتەرەکانی دەکات و لە توێی تێکستێکی ئەدەبیدا دەیخاتە بەردەم خوێنەر. ئەمە بەبێ ئەوەی لەناو ئەو بێنەوبەردەیەی زمان و حەقیقەتدا، بابەتیبوون و خەیاڵ، تەوەر و ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی ون بکات، کە گواستنەوەی وردەکاری و نهێنییەکانی ژیان و ژینگەی بیابانەکانە. لەسەروو ئەمانەشەوە، لە پێشەنگی ئەو نووسەرانە دەمێنێتەوە کە باشترین ڕۆمانی خەیاڵی دەنووسن. کاتێ خوێنەر لە وەسف و گێڕانەوەکانی کاسەر بۆ هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر لە بیابان، دیمەنەکانی ژیان (مرۆڤ و ژینگە (سروشت) لەنێو ئەم دوو چرکەساتەدا ورد دەبێتەوە، ئەو کاتە باشتر لە توانا و سەلیقەی ئەو ژنە نووسەرە تێدەگات. بیابان و کاراکتەری پەنابەرەکان لەناو ڕۆمانەکانی کاسەردا، ئاماژەن بۆ غوربەتی هەمیشەیی مرۆڤ، گوزارشتن لەوەی کە مرۆڤ بەردەوام کەسێکی دوورخراوە و پەڕاگەندە کراوە. مرۆڤێک کە هەمیشە ناچار بە بڕینی ڕێگا سەخت و تونێلە پڕ پێچاوپێچەکانی ژیان و بارودۆخە قورس و هەلومەرجە ئاڵۆزەکانە.

مرۆڤ دەتوانێ بڵێت، ئەزموونکردنی ژیانی ناو بیابان و سنوورە سەرابییەکانی لە لایەن نووسەر و هەستکردنی هەمیشەیی مرۆڤی پەنابەر بە سەرگەردانی و نامۆیی و ناچاریی ڕاهاتن لەگەڵ ئەو بارودۆخە جەبرییەی بەسەریدا هاتووە و ڕاهاتن لەگەڵ ژیانی دوورخراوەیی و ژینگەی سەرگەردانی، کاسەر لە پێشەنگی ئەوانە دادەنێت کە لە تێکستی ئەدەبیدا، ناسنامەی جەنگاوەر و پاڵەوان دەدەنە پەنابەران.



## ژینگە و ژیان وەک کەرەستەی داهێنان

کاسەر کە زۆر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ژینگە و ژیانی بیابان و ڕۆشنبیریی هەمەچەشنی پەنابەران و دانیشتووانە ڕەسەنەکانی ئەمریکا، ئەم کاریگەرییە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر دونیابینیی ئەو هەبووە. ئەو یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی کە بە هۆی قسەکردنی لەسەر ژیانی بیابانە بەرینەکان و غوربەتی هەمیشەیی پەنابەران، ناوبانگێکی زۆری لە نێوەندی ئەدەبیدا پەیدا کرد.

ئەو لە ڕۆمانەکانیدا و لە میانی گێڕانەوەیەکی درامیی ڕووداوەکاندا، بە گفتوگۆی پاراو، زمانێکی ڕوون، وەسفی ئەفسووناوی و وردی شوێنەکان، وا لە خوێنەرانی دەکات (تەنانەت ئەوانەی لە خەونیشدا نیبراسکایان نەبینیوە)، هەست بەوە بکەن کە لەوێ دەژین.

ژیانی سادە و سەختی خێزانە پەنابەرەکان لە نیبراسکا، لایەنێکی گرنگی ڕۆمانە خەیاڵییەکانی کاسەر پێکدێنن. ئەمەش پەیوەندی بە یادەوەری و ئەزموونی منداڵیی نووسەر خۆیەوە هەیە کە لە نزیکەوە تێکەڵی ئەو خێزانانە بووە و ئاشنای وردەکارییەکانی ژیانیان بووە. تەنانەت کە ڕۆمانی (ئەنتۆنیا) دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت ڕۆحی نووسەر چووەتە ناو جەستەی ئەو خێزانانە.

بە شێوەیەکی گشتی و بەچاوپۆشین لە لایەنە هونەرییەکانی ڕۆمان، لە باری ناوەڕۆکدا بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی کاسەر، بە کورتە چیرۆکەکانیشەوە، گێڕانەوە و نووسینەوەی ئەزموون. ئەزموونی خۆی و کۆمەڵگاکەی، ژیانی خۆی و دەوروبەری، ژینگە و سروشت و نهێنییەکانی.

کاسەر لە بەرهەمەکانیدا جگە لەو باڵادەستییەی لە هۆنینەوە و چنینی وردی ڕووداوەکان و ئەو فەزا خەیاڵی و فەنتازییەی لە میانی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و وەسفی کەسایەتی و کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکانی، پێیان دەناسرێتەوە، هاوکات ڕۆمانسیەت و جۆرێک لە سۆز و شەیدایی و گەڕانەوە و سادەییش، بەسەریاندا زاڵە. ئەمەی دواییان وای کردووە کە بەشێک لە ڕەخنەگران بڵێن، کاسەر نەیتوانیوە ڕووبەڕووی ژیانی نوێ و پێشکەوتنەکانی ببێتەوە و خۆی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیی سەردەمدا بگونجێنێ، بۆیە پەنای بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بردووە و لەو فەزایەدا خولاوەتەوە.

دواجار، بە قسەی (جێمس وۆدریس)ی نووسەری بایۆگرافیای کاسەر بێت، ئەو ژنە ڕۆماننووسە زۆر بە کارەکانی (دیکنز، ئیمرسۆن، بەلزاک، تۆلستۆی، جۆرج ئیلیۆت، خوشکانی برۆنتی و جین ئۆستن) سەرسام بووە. هەروەها تایبەتمەندیەکی ئەوە بووە کە لە ڕوانگەی پیاوەوە، ڕۆمانەکانی نووسیون و تەنانەت کاتێک لەبارەی ژنە ڕۆماننووسەکان نووسیویەتی، وەک ئەوە وایە پیاوێکی نارازی، نووسیبێتی.

## سادق هیدایەت لەزاری سەرپەرشتیاری بەرهەمەکانیەوە

## جەهانگیر هیدایەت:

# سادق هیدایەت بێهیوا بووبوو لە بەدیهاتنی ئازادی لە ئێراندا

جەهانگیر هیدایەت، لەدایکبووی 1939، کوڕی سەرلەشکر عیسا هیدایەت، برا گەورەی سادق هیدایەتە و سەرپەرشتیاری بەرهەمەکانی ئەوە. جەهانگیر هیدایەت هەر لە منداڵییەوە و لەژێر کاریگەریی مامیدا، هۆگری نووسین بووە و لە مێرمنداڵییەوە دەستی کردووە بە چیرۆکنووسین و هەر لەو کاتەوە چیرۆکەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە دیارەکانی ئێراندا بڵاوکراوەتەوە. تا ئێستا چەندین کورتەچیرۆک و وتاری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و وەرگێڕانی بڵاوکردووەتەوە و چەند کتێبێکی نووسیوە. لەوانە سێ کتێب لەسەر سادق هیدایەت بە ناوەکانی: "نیوەی شاراوەی بەسەرهاتی سادق هیدایەت"، "سی و شەش ڕۆژ لەگەڵ سادق هیدایەت" و "یادی سەدساڵەی سادق هیدایەت لە ئێران و جیهاندا".

ئەو دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری "بونیادی هیدایەت" و ماڵپەڕی هیدایەتە و هەموو کاروباری پەیوەندیدار بە بەرهەمەکانی سادق هیدایەت، لەژێر چاودێریی ئەودایە.

جەهانگیر هیدایەت کە پیاوێکی بەتەمەنی ئێسکسووکە، لە نووسینگەی بونیادی هیدایەت کە پڕە لە وێنە و کتێب و بەرهەمی سادق هیدایەت، بە ڕوویەکی خۆشەوە میوانداریی کردین بۆ ئەم هەڤپەیڤینە.

شادی نیکخا



بەشی یەکەم

**شادی: جەنابت جگە لەوەی خزمی نزیک و سەرپەرشتیاری بەرهەمەکانی سادق هیدایەتی، هیدایەتخوێنەوەیەکی جددی و کارناسێکی بەرهەم و کەسایەتیی ئەویشی. دەکرێ لە هەردوو بارەکەوە زیاتر پەیوەندیی خۆت لەگەڵ هیدایەت باس بکەی؟**

● هیدایەت مامی منە. من لە منداڵییەوە لەبەر ئەوەی کە داپیرەم (دایکی هیدایەت) خاتوو زیوەرولملوک زۆر حەزی دەکرد من لای ئەو بم، زۆربەی کاتی منداڵیم لەگەڵ هیدایەت لە ماڵێکدا بووم و لە نزیکەوە لەگەڵی ژیاوم. من هەر لە منداڵییەوە حەزم لە نووسین دەکرد و هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە، چیرۆکم دەنووسی. بۆیە زیاتر لە مامێک، سادق هیدایەتم خۆشویست، چونکە ئەو نووسەر بوو. هەر بەم بۆنەوە تا توانیومە بە شێوەیەکی بەربڵاو، خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەم بووە بۆ بەرهەمەکانی. تەنانەت ئەلبوومی وێنەکانی و کارتپۆستاڵەکانی هیدایەتم بڵاوکردووەتەوە و هەڵسەنگاندنم بۆ کردوون. لە ئەنجامدا من وێنایەکی ڕوونترم هەیە لە ژیان و کارەکانی هیدایەت. خۆ لەوانەیە ئەگەر ئەو شتانەی لەبەردەستی من بوون، لەبەردەستی کەسانی دیکەدا بوونایە، باشتر لە منیش کاریان تێدا بکردنایە. من هەموو بەرهەمەکانی هیدایەتم کۆکردووەتەوە و لە حەوت بەرگدا، لە بەریتانیا چاپم کردوون. لەبەر ئەوەی لە ئێران لەمپەر هەیە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، بەتایبەت لە کاتێکەوە ئەحمەدینەژاد بوو بە سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتە؛ ئەو زەبری زۆر گەورەی لە هونەر و فەرهەنگی ئەم وڵاتە دا.

من دامەزراوە و نووسینگەیەکم لێرە داناوە بە ناوی "بونیادی هیدایەت" بۆ بەدواداچوونی هەموو کارێکی پەیوەندیدار بە هیدایەت و بەرهەمەکانی، یەکێک لە کارەکانی ئەم بونیادە، بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵی ساڵانەی خەڵاتی هیدایەتە بۆ چیرۆک کە تا ئێستا هەزاران نووسەری فارسیزمان لە هەموو جیهانەوە بەشدارییان تێدا کردووە. ئێمە تەنانەت 14 کتێبی هیدایەتمان کردووە بە فایلی دەنگ و لە ئینتەرنێتدا بڵاومان کردوونەتەوە. ئەم نووسینگەیە هەمیشە کراوەیە لەسەر هۆگران و خوێنەرانی هیدایەت بۆ هەر کارێک و هەر پرسیارێک لەسەر بەرهەمەکانی.

**شادی: چۆن لەناو جەرگەی بنەماڵەیەکی ئەعیان و ئەشرافیدا کە زۆر لە ئەندامەکانی کاربەدەستی سیاسی، سەربازی و حکوومی بوون، سادق هیدایەتێک سەرهەڵدێنێ کە بە توندی بێزارە لە هەرچی سیاسەت و پلە و پایەیە؟ ئایا دەکرێ بڵێین ئەزموونی نزیکبوونی لە پلەوپایە و سیاسەتی بنەماڵەکەی، وایان لێکردووە زیاتر بێزار بێت لە پۆست و سیاسەت؟**

● جارێ بنەماڵەی هیدایەت پێش ئەوەی ئەشرافی و ئەعیان بن، بنەماڵەیەکی فەرهەنگی بوون. بنەماڵەی هیدایەت لە کۆنەوە پڕ بووە لە کەسی خوێندەوار و فەرهەنگی، بەڵام سادق هیدایەت بە پلەیەک گەیشت کە هەموو ئەوانی دیکە لە بەرامبەر ئەودا بچووک بوون.

باوکی خۆم کە براگەورەی سادق بوو، ئەگەرچی ئەفسەر بووە، بەڵام لەسەر خەیام و لەسەر حافز کتێبی نووسیوە. براکەی دیکەی هیدایەت، شانامەیەکی نووسیوە. بەم پێیە خانەوادەی هیدایەت، پێش ئەوەی ئەعیانی بن، فەرهەنگی بوون. ئینجا ئەشرافی خۆ شتێکی خراپ نییە. باشیشە. بەڵام لە ئێراندا واتای وشەکان دەگۆڕێن. لێرە ئەشرافی بە واتای ملهوڕ و لەخۆبایی و کەسێکە کە لەسەر پارە و ڕەنجی خەڵک دانیشتووە. ئەشرافیبوونی بنەماڵەی هیدایەت، بەهۆی خوێندەوارییەوە بووە. دەنا بنەماڵەی هیدایەت فیوداڵ و خاوەن گوند و زەویوزاری زۆر نەبوون. بازرگان نەبوون. تەنیا بە دوای خوێندنەوە بوون. سەرەڕای ئەوەش، ڕاستە هیدایەت لە بنەڕەتدا عەشیرەت و بنەماڵەی خۆی قبووڵ نەبوو؛ بەڵێ من ئەمە تەئید دەکەم. با بە ڕستەیەک کورتی بکەمەوە: هیدایەت هیچ سەرپەرشتێکی بۆ خۆی قبووڵ نەدەکرد. جا ئەو سەرپەرشتە بنەماڵە بێ، حکومەت بێ، یان حیزب. چەندە هەوڵ درا کە بچێتە ناو حیزبی توودە، گوتی ناچم. ئایینی قبوڵ نەبوو، چونکە ئایین دەبێتە سەرپەرشتی مرۆڤ و پێت دەڵێ ئەوە بکە و ئەوە مەکە. ئەو دەیگوت من بە ئاوەز و بیرکردنەوەی خۆم بڕیار دەدەم چی بکەم و چی نەکەم.

**شادی: پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دەوروبەر و بەتایبەت ئەو ئەندامانەی بنەماڵەدا کە خاوەن پۆستی سیاسی و حکوومی بوون، چۆن بوو؟**

● هیدایەت کەسێکی بە ئەدەب بوو، ڕێزی لە هەموویان دەگرت، بەڵام بەڕاستی ئەوانی قبووڵ نەبوو. بەگشتی هیدایەت لەگەڵ ئەوانەی کە خۆشیدەویستن، زۆر گەرموگوڕ بوو. بەڵام بە پێچەوانە، بەرامبەر کەسێک کە حەزی لە بیروبڕوای نەبووایە، زۆر کەمدوو بوو. هیچ دووڕوویی و ماستاوکردنێک لە کاریدا نەبوو.

**شادی: دانیشتن و کۆبوونەوەی ناو کافتریا ئێستا هەم لە ئێران و هەم لە کوردستانیش بووەتە نەریتێک لەناو نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیراندا. دەگوترێ سادق هیدایەت داهێنەری کافتریانشینی بووە لەنێو ڕۆشنبیرانی ئێران.**

● بەڵێ هیدایەت هەمیشە وەک سەنتەرێک بوو بۆ هاوڕێکانی. کاتێک ڕۆیشت بۆ فەڕەنسا و لەوێ بینیی خەڵک کاتێک دەیانەوێ یەکتر ببینن، ناچن بۆ ماڵی یەکتر، دەچن لە کافترپایەک یەکتر دەبینن، هاتەوە لێرە ئەوەی کرد بە باو. یەکەمجار کە لەو جۆرە دانیشتنەی ساز دا، خۆی بوو، بەڕێز موجتەبا مینویی، مەسعوود فەرزاد و بوزورگ عەلەوی. ئەمانە شەوانە دەچوون لە یەکێک لە کافتریاکانی تاراندا دادەنیشتن. هەمووشیان بێ پارە بوون، بۆیە هەرچییان دەخوارد، هەر یەکە پارەی بەشەکەی خۆی دەدا. بەم چەشنە سادق هیدایەت بۆ یەکەمجار بۆ چینی ڕۆشنبیری ئێران، دانیشتنی کافتریای داهێنا. تەنانەت ئەو دانیشتنانەیان تەرخان دەکرد بۆ کارەکانیان. بۆ وێنە کتێبی "وەغ وەغ ساهاب"، هیدایەت و مەسعوود فەرزاد لە کافتریاکاندا کاریان لەسەر کرد و نووسییان. ئەم چوار کەسە هەرکامە تایبەتمەندییەکیان هەبوو. فەرزاد ئینگلیزیی باش دەزانی، بوزورگ عەلەوی ئەڵمانیی دەزانی، هیدایەت خۆی زمانی فەڕەنسی و موجتەبا مینوییش شارەزای زمانی عەرەبی بوو. واتە ئەمانە باش دەیانتوانی لە ئەدەبیاتێکی بەربڵاو کەڵک وەربگرن. ئەمانە ئەرکیان بۆ یەکتر دیاری دەکرد کە تۆ دەبێ لەسەر فلان شت خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بکەیت و تۆ لەسەر فلان بابەت. دوایی هەر لە کافتریاکە ئەمانەیان پێکەوە کۆدەکردەوە و لێکیان دەدایەوە. بەڵام شوێنی دانیشتنەکان بەردەوام دەگۆڕان. هۆیەکەی ئەوە بوو کە ئەمانە تا دەهات ناودار دەبوون و ناوبانگیش کێشەیەکی گەورەیە. هیدایەت بۆ هەر کوێ دەچوو، لە دەوری کۆدەبوونەوە و نەیدەتوانی بەباشی بە کارەکانی خۆی ڕابگا. بۆیە ناچار دەبوو زوو زوو شوێنی دەرکەوتن و دانیشتنی بگۆڕێت.

**شادی: ئەی چۆنە کە دەگوترێ هیدایەت هەر لە بنەڕەتەوە کەسێکی خەمۆک و گۆشەگیر بووە. ئەم دوو باسە دژوازە چۆن لێک دەدەیتەوە؟**

### ئەحمەدینەژاد زەبری گەورەی لە هونەر و فەرهەنگی ئەم وڵاتە دا

● ئەوە درۆیە. کەسێک کە لە بنەڕەتەوە کاراکتەرێکی خەمۆکی هەبێ، ناتوانێ ببێتە ناوەندی شۆخی و پێکەنین بۆ هاوڕێکانی. خەمۆکی نەخۆشییە. سەرەتا ئێمە دەبێ بزانین سەبارەت بە کام هیدایەت قسە دەکەین. هیدایەت تەمەنی 48 ساڵ بوو کە خۆی کوشت. هەڵبەت لە چوار پێنج ساڵی کۆتایی ژیانیدا، بڕێک ڕۆحیەتی گۆڕابوو، تەمەنی چووبووە سەرەوە و تارادەیەک تووشی خەمۆکی بووبوو. بەڵام ئەمە ڕەوتێک بوو کە بەرەبەرە دروست بوو، نەک ئەوەی لە بنەڕەتەوە وابووبێ. بۆ وێنە ئەگەر سەیری نامەکانی بکەی کە بۆ شەهید نوورایی نووسیونی، بە بەراوردکردنی نامەکانی سەرەتا و نامەکانی کۆتایی، بەباشی دەردەکەوێ کە ڕۆحییەتی هیدایەت چۆن بەرەبەرە تووشی گۆڕان بووە.

هیدایەت هەموو تەمەنی لەگەڵ دیکتاتۆریدا شەڕی کرد، بەڵام شکستی خوارد. شتێکی زۆر ناخۆش کە لە ژیانی هیدایەتدا ڕووی دا، حیزبی توودە بوو. حیزبی توودە کاتێک کە دامەزرا، بە ڕواڵەت بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە چینی کرێکار و هەژار و جووتیاران لەژێر ستەمی شاهەنشایی ڕزگار دەکات. هیدایەتیش باوەڕی کرد. تا ئەو کاتەی مەسەلەکەی ئازەربایجان ڕووی دا. ڕووسیە هات بە هاوکاریی حیزبی دیموکرات کە حیزبێکی کۆمۆنیستی بوو، ئازەربایجان و بەشێک لە کوردستانی لە ئێران جیا کردەوە. هەڵبەت مەسەلەکە سیاسی بوو. دواییش بەپێی سیاسەتێکی نێودەوڵەتی، وڵاتانی دنیا داوایان لە ڕووسیا کرد هێزەکانی لە ئێران بباتە دەرەوە. دوای ئەوەش سوپای ئێران هێرشی کردە سەر ئەو ناوچانە و حیزبی دیموکرات تووشی شکست هات و سەرکردەکانی هەڵاتن بۆ ڕووسیا. وەک پیشەوەری و غوڵام یەحیا و... دواتر لیژنەیەک ڕەوانەی ئەو ناوچانە کرا بۆ ئەوەی بزانن لە ماوەی دەسەڵاتی حیزبی دیمۆکراتدا، گوزەرانی خەڵک چۆن بووە، بەڵام دەرکەوت ئەو شۆڕشە کۆمۆنیستییە نەک بە سوودی خەڵک نەبووە، بەڵکو هەر لەلایەن دیمۆکراتەکانەوە زیانی زۆر لە خەڵک کەوتووە.

### بازنەیەک لە خیانەت و ناپیاوی و بێشەرەفی، هیدایەتی گەمارۆ دابوو

هیدایەت کە وایزانیبوو شۆڕشێکی کۆمۆنیستی ڕزگارکەری چینە بندەستەکانە، دوایی کە بەم ڕاستییەی زانی، پشتی لە حیزبی توودە کرد و هەموو هاوڕێکانی لە حیزبی توودە لەدەستدا، هیدایەت تووشی بێهیوایی و دڵساردی بوو، هەستی دەکرد هەرگیز ناکرێ لە ئێراندا کار بۆ ئازادی بکرێت. کەسێک بوو کە هەموو ژیانی هاواری ئازادیی بەرز دەکردەوە. لەلایەکەوە شایەتی نەخۆشی و هەژاریی خەڵک بوو، لەلایەکەوە دەیبینی چۆن سامانی خەڵک و وڵاتەکەی تاڵان دەکرێت. هیدایەت کەسێک بوو کە هەموو شتێکی دەبینی و نەیدەتوانی کەمتەرخەم بێت بەرامبەر ئەو شتانەی دەیبینێ و دەیزانێ. بۆیە لەو سەردەمە بەدەواوە کە ماوەیەکی کورتیش بوو، بەڵێ تووشی خەمۆکی بوو.

**شادی: هەر بەم قسانەدا و لە ڕووی بەرهەمەکانی پێش کوندەپەپووی کوێرەوە، وا دەردەکەوێ کە هیدایەت ناسیۆنالیستێکی توند بووە، بەڵام لە سەردەمێک و بەتایبەت لە دوای کوندەپەپووی کوێرەوە، دەست دەکات بە ڕەخنەگرتن لە فەرهەنگی ئێرانی و تەنانەت هەندێ جار بۆچوونەکانی بەڕواڵەت زیاتر لەوەی ڕەخنەگرانە بن، پڕن لە سووکایەتیش، تا ئەو شوێنەی کە هەموو خەڵکی ئەوبەر پەنجەرەی ژوورەکەی بە (هیچ و پووچ و خوێڕی) ناو دەبات، یان تەنانەت لە یەکێک لە نامەکانیدا بۆ شەهید نوورایی، هێرش دەباتە سەر مۆسیقای ڕەسەنی ئێرانیش. هۆی ئەم وەرچەرخانە، یان ئەم دژوازییە چییە؟**

### هیدایەت لە چوار پێنج ساڵی کۆتایی ژیانیدا تووشی خەمۆکی هات

● ئەمە هەر ئەوەیە کە باسم کرد. هیدایەت بەرەبەرە بێهیوا دەبوو. وایدەزانی ئەم وڵاتە تازە چاکسازیی تێدا ناکرێ. ئەو پێشتر وایدەزانی ئەگەر ڕەزاشا نەمێنێ، بارودۆخەکە بەرەو باشی دەچێ. وایدەزانی محەممەد ڕەزاشا دەبێت بە شایەکی مەشرووتە وەک شای ئیسپانیا، وەک ئیمپراتۆری ژاپۆن، وەک شای بەریتانیا. گەرچی لە سەرەتاوە وادیار بوو کە دۆخەکە گۆڕاوە و کۆمۆنیستەکان سەد ڕۆژنامەیان هەبوو کە ژمارەیەکی بەرچاویان، تەنانەت ڕۆژانە جنێوی دایک و خوشکیان دەدا بە شا و کاریکاتێری خۆی و خانمەکەیان بە ئازادی بڵاودەکردەوە؛ بەڵام هیدایەت دەیزانی ئەمە سوودی نییە. لەلایەکیشەوە دەیبینی کە جەماوەریش ئەوە نین لەڕوودا پیشانی دەدەن. جگە لەوەش، لەم دواییانەدا نزیکترین هاوڕێکانی، بە هاوڕێی ساختە دەرچوون و خیانەتیان لە هیدایەت کرد. من لە کتێبێکدا بە ناوی "نیوەی شاراوەی بەسەرهاتی سادق هیدایەت" بە وردی و بە بەڵگەوە سەلماندوومە کە چەند خیانەتی لێکراوە لەلایەن هاوڕێکانییەوە. بازنەیەک لە خیانەت و ناپیاوی و بێشەرەفی، هیدایەتی گەمارۆ دابوو. لەلایەن هاوڕێکانیەوە، لەلایەن حکوومەتەوە.. دکتۆر کاتووزیان مامۆستای زانکۆی ئۆکسفۆرد، قسەیەکی جوانی کرد. گوتی: "هیدایەت لە تەمەنی سی ساڵیدا هەستا چوو بۆ هیند، لەوێ زمانی پەهلەوی فێر بوو، باشترین دەقە پەهلەوییەکانی هێنایەوە بۆ ئێران و وەریگێڕان بۆ فارسی. ئەگەر کەسێک لە بەریتانیا کارێکی وای بکردایە، هەر ئەو ڕۆژەی کە گەڕایەوە بۆ بەریتانیا، دەیاننارد بۆ زانکۆی ئۆکسفۆرد و دەیانکرد بە مامۆستا."

بەڵام هیدایەت لە ئێراندا هەرچی دەکرد، نەک ڕێزی نەدەگیرا، سەرکوتیان دەکرد. بەتایبەت لەلایەن حکوومەتەوە. چونکە نەیدەتوانی لەگەڵ حکوومەت ڕێک بێ. ئەوەتا لە "حاجی ئاغا"دا بەئاشکرا جنێو بە ڕەزاشا دەدات. لە ئەنجامدا هیدایەتێک کە خولیای ئێرانی کەونارا بوو، بەرەبەرە ڕووی کردە ڕەخنەگرتن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕەنجی زیاتری کێشا. هیدایەت کاتێک هەستا بەنیازی خۆکوشتن چوو بۆ فەڕەنسا، فەرمانبەری نووسینگەی کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران بوو. مووچەکەی تەنیا بەشی پارەی گیرفانی بوو، ئەگەر لە ماڵی باوکیدا نەبووایە، بەشی هیچی نەدەکرد. ئەوان هیدایەتیان بە کەسێکی جێی مەترسی دەزانی و نەیاندەهێشت نە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا، نە لە سیستەمی ئیداریدا گەشە بکات. هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ڕەشبین ببێ بەرامبەر هەموو شتێک و لە ئەنجامدا ئەو شتانە بنووسێ کە تۆ باست کردن.

**شادی: واتە بەو جۆرەی من لە قسەکانت تێدەگەم، هیدایەت دوایین جارێک کە چوو بۆ فەڕەنسا، هەر بە نیاز و بە پلانی خۆکوشتن سەفەری کرد؟**

● بەڵێ بەبڕوای من وابوو. پێش ڕۆیشتنی چیی هەبوو فرۆشتی. تەنانەت کتێبەکانی. کاتێک نووسەرێک و کەسێکی وەک هیدایەت، کتێبەکانیشی دەفرۆشێ، واتای وایە کە بە تەواوی دڵی هەڵکەندووە. لەوێش دەستی کرد بە پێداچوونەوەی بەرهەمەکانی و کۆمەڵێک لە بەرهەمەکانیشی سووتاند.. ئەمانە بە بڕوای من سەلمێنەری ئەوەن کە پێشتر پلانی خۆکوشتنی دانابوو.

**شادی: بەڵام بۆچی وڵاتەکەی خۆی تەنانەت بۆ مردنیش هەڵنەبژارد؟ دەگوترێ خۆکوشتنەکەی نارەزایانە بووە و ویستوویەتی هەموو دنیا پێی بزانن، چونکە گەر لە ئێران خۆی بکوشتایە، لەوانە بوو بنەماڵەکەی حاشای لێبکەن و هۆکاری مردنەکەی بشارنەوە؟**

● من وانازانم هیچ لەبەر ئەو شتانە بووبێ. هیدایەت عاشقی فەڕەنسا بوو، تۆرابوو لە ئێران. پێمووایە باشترین کاریشی کرد. دوای شۆڕشی ئیسلامی، خەڵخاڵی بە جدی بۆ گۆڕەکەی هیدایەت دەگەڕا کە بیسووتێنێ! تەلەفونی کرد بۆ بنەماڵەی هیدایەت لە شوێنی مەزارەکەی پرسی، گوتیان مەزارەکەی لە گۆڕستانێکی گەورەدایە لە پاریس بەناوی پێرلاشێز، بڕۆ بۆ ئەوێ و چیت پێ خۆشە بیکە.

### هیدایەت بە نیازی خۆکوشتن چوو بۆ فەرەنسا



# کوڕەکەی پەشە قالۆنچە کێ کوشتی؟

رەسووڵ سوڵتانی



هەمووان لە دەوری تەرمەکەی کۆ ببوونەوە. پەشمینی دایکی ئەوەندەی روومەتی خۆی رنیبوو هەمووی خوێنی لێ دەچۆڕا. باوکی لەولاترەوە بێدەنگ بێدەنگ فرمێسکی هەڵدەوەراند و لە ناخەوە دەکوڵی و هەر جار نا جارێک دەیگوت: چی بکەم؟ بۆ وات کرد رۆڵە چی بکەم؟ پشتم شکا ئاسۆ... کوڕە نووسەرەکەم.... کوڕە شاعیرەکەم... رۆڵە تۆ چۆن شتی وات کرد؟ بۆ جەرگت بە کوچکەوە دام؟

لەبەر خۆیەوە گوتی: چ بچێنی ئەوە دەدرویەوە.

باوکیشی رێک لەو تەمەنەی ئێستای ئەودا بوو، جارێکیان گوللەیەکی لە سینگی خۆی دا، بەڵام پێی نەمرد. خەڵک دەیانگوت هەر لە سوێی زارای سەیدکەریم ویستوویەتی خۆی بکوژێ. دەمێک ساڵ بوو زارا مێردی کردبوو و ئەو ژنی هێنابوو و کوڕێکیشی خستبووەوە. لە دایرەی پۆلیس زۆریان هەڵپێچابوو کە چۆن بووە و ئاخۆ ویستوویەتی خۆی بکوژێ یان لێی دراوە؟ ئەو هەر گوتبووی یاریم بە دەمانچەکەم کردووە و لە دەستم دەرچووە.

بە گەنجی داوای زارای سەید کەریمی کردبوو، بەڵام سەید کەریم گوتبووی زارا بن پشکی رەحمانی کوڕمە، کێ خوشکێکی جوان و کابانی هەبێ ژن بە ژنەی لەگەڵ دەکەم. ئیدی سمایلی حاجی فەتاح، باوکی ئەو ئاسۆیەی کە ئێستا هەموویان لە دەوری کۆبوونەتەوە، پوور فاتمی جیرانیانی راسپاردبوو گوتبووی زارام بۆ ئاگادار بکەوە ئەم شەو هەرچۆنێک بێ بیبینم. شەوێ کە بە دزییەوە چووبووە بەر دەرکەیان و زارا لە کەلێنی دەرگاوە بە ترسەوە سەری هێنابووە دەرێ، سمایل گوتبووی زارا، بابت رازی نابێ. ردێن سپی و پیاوماقووڵ نەما لەسەری نەکەم، وەرە با هەڵتگرم. وەرە سەری خۆمان هەڵگرین و بڕۆین. زارا گوتبووی، سمایل، من تۆم خۆشدەوێ و لەم دنیا پان و بەرینەدا هەست ناکەم لە تۆ زیاتر کەس سەری پێوەیە، بەڵام گەردنم ئازا کە ناتوانم سەری براکانم نەوی بکەم. ئیدی سمایل زۆر هەوڵ دەدا هەرچۆنێک بێ زارا رازی بکا رەدووی بکەوێ و زارا هەر رازی نابێ. ئاخرییەکەی سەید کەریم کچی برادەرێکی خۆی بۆ رەحمان خواست و زاراشی لە براکەی ئەو مارە کرد. زارا دڵی هەر بە سمایلەوە بوو. لە سەردەمی دەسگیرانداریيەکەیدا کە زۆریشی پێنەچوو گواستیانەوە، یەک دوو جار چیی نەمابوو خوێن برژێ. چونکە سمایل بەلایماڵیاندا رۆیشتبوو و لەگەڵ زارا راوەستابوو. ئاخری زارا گوازرایەوە. ساڵانێک هیچ خەبەرێکیان لە یەکتر نەبوو. سمایل کە لە زارا نائومێد بوو، بە دایکی گوت دایە، مادام وای لێ هات با بەدڵی تۆ بێ، پەشمینی پوورە بەهێم بۆ بخوازە.

پەشمین تاقانەی پوورە بەهێ بوو. پوورە بەهێ لە دوو کوڕ و دوو کچ تەنیا پەشمینی بۆ مابووەوە. کوڕی نۆبەرەی هەر سەروپێچکە بوو کە بن گوێچکەی ئەستوور بوو، بەهیچ دکتۆر و حەکیمێک چاری نەکرا و پێی مرد. پوورە بەهێ ئەودەم گەنج و بەتین و گوڕ بوو. زۆری خەم لێ نەخوارد، گوتی جا ئەو نا یەکی دی. زۆری نەبرد پوورە بەهێ جوان پێیەوە دیار بوو زگی هەیە. بەڵام دووگیانییەکە بێتاقەتی نەکردبوو. تەنانەت هەتا رۆژێک پێش ئەوەی منداڵەکەی ببێ، هەر وا گورجوگۆڵ دەهات و دەچوو. جافرە سووری مێردی پوورە بەهێ لە مزگەوتێ تازە سڵاوی نوێژی نیوەڕۆیەی دابووەوە و هێشتا دوعای پاش نوێژی نەکردبوون کە خەبەریان بۆ هێنا بچێتەوە ماڵێ. زوو زانی. کە گەیشتەوە پوورە بەهێ لێ ببۆوە. منداڵەکەیان لە تەنیشتی دانابوو ، خاتووزینی مامان و ژنانی جیران لە دەوری دەهاتن و دەچوون و شوکرانەبژێر بوون کە هەردووکیان، یانی هەم پوورە بەهێ و هەمیش منداڵەکە بە سڵامەتی نەجاتیان بووە. کە بە پوورە بەهێیان گوتبوو منداڵەکە کوڕ نییە و کچە، تۆزێک نێوچاوانی تێکنابوو، بەڵام زۆر نا. دەسبەجێ رووی خۆی گەش کردبووەوە و گوتبووی بیهێننە باوەشم. کە جافرە سوور وەژوور کەوت، هەموویان بێدەنگ راوەستان و خاتووزین بە تۆزێک دڕدۆنگییەوە گوتی: کاک جەعفەر ـ نەیگوتبوو جافر ـ خوا کچێکی جوانی پێ داوی، ئیشەڵا بە رووسووری گەورە بێ. کاک جافر دەستی لە گیرفانی نابوو، بەبێ ئەوەی بیژمێرێ، پارەیەکی دابووە خاتووزین و نێوچاوانی پوورە بەهێی ماچ کردبوو. دەیانگوت قەت قەت نەماندیتبوو ، نەشمانبیستبوو پیاوێک پاش ئەوەی ژنەکەی منداڵی بێ، نێوچاوانی ماچ بکا. ژنەکان ئیرەییان بە پوورە بەهێ بردبوو. بۆ سبەینێ نێوچاوان ماچکردنەکە بوو بە بنێشتەخۆشەی سەر زاران. ئینجا لێرە و لەوێ هەڵبەت بە دزییەوە و بەبێ ئەوەی خۆی گوێی لێبێ، بە جافرە ژنانی ناویان دێنا. کەس زاتی نەدەکرد رووبەڕوو شتی وای پێبڵێ. بەڵام گەنجەکان لە جاران زیاتر رێزیان دەگرت و بە پیاوێکی سەردەمیانەیان دادەنا... تەنانەت رۆژی گوێزەبانەکەیش کە مەلایان بانگ کرد و لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە، جافرە سوور گوتی: مامۆستا، خوا ئەم کچەی بە من داوە، لای من کچ و کوڕ فەرقی نییە. هیچ بیریشم لێ نەکردبووەوە کوڕ دەبێ یان کچ، هەر شوکرانەبژێرم کە ساغ و تەندروستە. ئێستاش ئەوە ناوی دەنێم پەشمین.

پەشمین بە منداڵی یەکی وردیلەی ئەسمەر بوو. لە قوتابخانەش کە ئەودەم هێشتا کوڕ و کچیان لێک هەڵنەواردبوو، زۆر جار منداڵی بەدفەڕ پێیان دەگوت پەشە قالۆنچە. بۆیە زۆر جار هەتا نەتگوتبا پەشە قالۆنچە کەس نەیدەزانی مەبەستت کێیە. ئاخر هەر ئەو کۆڵانە شەش پەشمینی تێدا بوو. دەتگوت ناو لە دنیادا نەماوە و ناچارن منداڵەکانیان بەناوی یەکترەوە بکەن. پەشمین دەچووە قوتابخانە کە پوورە بەهێ دیسان منداڵی بوو. جمک بوون. کوڕ و کچ. ئەو رۆژە جافرە سوور لە ماڵ نەبوو. سێ رۆژ دواتر کە هاتەوە لە خۆشیان هەر خەنی ببوو. چووبوو دەرگای دووکانەکەی کردبووەوە و دەستی دابووە سێ قوتووی شیرینی و ماڵ بە ماڵی کۆڵانەکەیان گەڕابوو و شیرینیی دابوونێ. جمکەکەیان ناو نا پەخشان و پیران. پەشمین خەنی ببوو. لە خۆشیان پێ بە عەرزەوە گیر نەدەبوو. هەر دەچووە دەرێ و دەهاتەوە و سەری هەڵدەدانەوە. پوورە بەهێ دەیگوت کچەتیوە بۆ لێیان ناگەڕێی بخەون؟ هەتا هەڕەشەی لێ نەکرد، ئۆقرەی نەبوو. ماڵەکە تین و رووناکاییەکی دیکەی تێگەڕابوو. ئەو ساڵە زستانەکەی نە بەفر باری و نە باران. بەهارەکەشی هەر باران نەباری. خەڵک نوێژە بارانەیان کرد و بووکەبارانەیان گێڕا، هیچ تنۆکێک لە ئاسمان نەهاتە خوارێ. پەتایەکی پیس بڵاو بووەوە. هەر منداڵ بوو تووشی سکچوون دەهات و پاش رۆژێک یان دوو رۆژان حەیاتی لێ دەبڕا. پوورە بەهێ گوتی جافر با منداڵەکان بەرین دەرزییەکیان لێ بدەین نەکا ئەو دەردەیان پێوە بنووسێ. جافر گوتبووی: خەمت نەبێ، منداڵی ئێمە هیچیان لێ نایە. پوورە بەهێ گوتبووی کوڕە کافر، کە تووڕە دەبوو ئیدی نەیدەگوت جافر، هەر پێی دەگوت کافر، گوتبووی کوڕە کافر خوا ئاگادارە منداڵم نەخۆش کەون گەردنت ئازا ناکەم. جا گەردنیشی هەر ئازا نەکرد. پەخشان و پیران ئێوارەیەک کە لە یاریکردن هاتنەوە، هەردووکیان رەنگیان زەرد ببوو. پوورە بەهێ دەسبەجێ زانی. جافرەسووری نارده شوێن دکتۆر بارامی خزمیان کە دەرمانخانەیەکی بچووکی هەبوو. دکتۆر بارام بە خۆی و جانتایەک دەرزی و دەرمانەوە هات. کە دەرزییەکەی لێدان، لە نێو گریان و زریکەی پەخشان و پیراندا سەرێکی راوەشاند و بە پوورە بەهێی گوت: باشە بۆ وا درەنگ؟ چما نازانن ئەو دەردە دەبێ پێشی بگیردرێ؟ ئەی چەند رۆژە چیتان دەکرد؟ پوورە بەهێ بەسەر جافرەسووردا قیژاندبووی و بۆڵاندبووی. تەنانەت حەفتەیەک دواتر کە پەخشان و پیران لەگەڵ یازدە منداڵی گەڕەکەکە نێژران، ئیدی پوورە بەهێ قسەی لەگەڵ جافرە سوور نەکردەوە. سوێندی لێ خوارد گوتی تەڵاقت لێ وەردەگرم. بۆڵەبۆڵی پوورە بەهێ نەدەبڕایەوە. پەشمین دیسان بەتەنێ مابووەوە. کز و لارەمل و بێتاقەت خۆی بە کتێبەکانییەوە دەخافڵاند. دەستەخوشکەکانی پوورە بەهێ دڵیان دەداوە و دەیانگوت خوا وای داوە، دڵی کاک جافر چاک بکەوە و دیسان ناوی خوای لێ بێنن بۆ منداڵی دیکە. بەڵام پوورە بەهێ گوتبووی تازە منداڵی دیکە لەو کافرە ناخەمەوە. ئەوەم بەسە. دەبێتە سێبەری ژیانم. نیوەڕۆیەک پوورە بەهێ دەستی لە قاپی نانخواردندا بوو کە خەجێی دەستەخوشکی خۆی بەماڵێدا کرد و گوتی: کاک جافر لە نێو دووکانەکەی سەری لەسەر مێزەکە داناوە و چیی بانگی دەکەن هەڵناستێ و خەڵکی گەڕەک هەمووی لێی کۆبوونەتەوە. پوورە بەهێ زانیبووی تەواو، ئیتر چاوی پێی ناکەوێتەوە. پارووەکەی پێ قووت نەدرابوو. لە ئەژنۆی خۆی راکێشابوو و روومەتی خۆی رنیبوو. پەشمین بە گریان وەدووی کەوتبوو. کە گەیشتبوونە دووکانەکە، چ ببینن، ئەوە جافرە سووریان لەسەر عەرزەکە راکێشاوە. کە پوورە بەهێ گەیشتێ، رێگەیان بۆ کردەوە. چوو لە ژوور سەری راوەستا، گریانەکەی خۆی خواردەوە و بە دەنگی بەرز گوتی: خەڵکینە، گەردنی ئازابێ... خەڵکەکە بە بانگ و سەڵا گریان. ئەوە دوا دیداری پوورە بەهێ بوو. ئیدی پوورە بەهێ و پەشمین مانەوە. پەشمین گەورە ببوو. ئیدی پەشە قالۆنچە نەبوو. پەشەی پوورە بەهێ بوو. کە سمایل ناردییە خوازبێنیی پەشمین، پوورە بەهێ گوتبووی: با حاجی فەتاح گەورەی هەردووکیان بێ. ئەوە پێشکەشم کرد. سمایل پەشمینی گواستەوە. شەش ساڵێک پێکەوە بوون ئینجا کوڕێکیان بوو، ناوی نا ئاسۆ. حاجی فەتاح گوتبووی کوڕم سمایل، ئاسۆ ناوێکی شەرعی نییە، بۆ ناوی نانێی مستەفا؟ سمایل پێی پێکەنیبوو گوتبووی: ئەوە لە چ کتێبێکدا هاتووە فڵانە ناو شەرعییە و فڵان شەرعی نییە باوکە؟ کەی لەو خوڕافاتە دەبنەوە؟ من کوڕی خۆم ناو دەنێم ئاسۆ. حاجی فەتاح سەری بادابوو گوتبووی: ئیشەڵا رۆڵە بۆت ببێ بە داری بەری. بەڵام ناوێکی شەرعی بێ باشترە. تەمەندرێژ دەبێ. سمایل دیسان بەبێ ئەوەی خۆی شلوێ بکا، گوتبووی بابە خەم لەو شتانە مەخۆ. تەمەنی ئینسان هیچ پێوەندییەکی بە ناوەکەیەوە نییە. ئاسۆ شیعری دەنووسی. هێشتا پۆلی شەش بوو، کە یەک دوو شیعری لە گۆڤارێکدا بڵاو بووەوە. مامۆستاکانی کە دیتبوویان شیعری وا جوان دەهۆنێتەوە، هەموو رۆژێ بانگیان دەکرد و شیعریان پێ دەخوێندەوە. ئاسۆ کوڕێکی رووگەشی لەبەردڵان بوو. لەوانەی کە دەڵێن خوشکی خۆی حەیرانی دەبوو. هەڵبەت ئاسۆ خوشکی نەبوو. تاقانەی پەشمین و سمایل بوو. ماوەیەک بوو سەری لەبەر خۆی دەنا و مات دەبوو. باوکی زۆری خەفەت لێ دەخوارد. تۆ بڵێی ئاشق بووبێ؟ تۆ بڵێی لە چیی کەم بێ؟ هەرچی دەیدواند ئەو پتر دەچووەوە نێو قاوغی خۆی و هیچی نەدەدرکاند. تەنانەت کە کۆمەڵە شیعرەکەشی چاپ بوو، نەچوو لە چاپخانە وەریانگرێتەوە. گوتی: ئەو هاتەران پاتەرانەی من نووسیومە شیاوی ئەوە نین بڵاو ببنەوە... خۆ ئەگەر ئەو کوتە کاغەزەی بە خەت و ئیمزای خۆی لە نێو دیوانەکەی مەحویدا بەجێ نەهێشتبایە، مەرگەکەی دەبووە گرێکوێرەیەک بە کەس نەدەکرایەوە. بەڵام کە گەڕان و دیتیان نووسیویەتی:

مەحوی، منیش تێگەیم دنیا خەراباتە...

ئیتر بەرۆکی کەسیان نەگرت... ئەوەندە نەبێ کاک سمایل ساڵانێک دواتریش هەر دەیگوت گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە.